30 هەمین گەشت بۆ وەڵات،

ئەوا دە ساڵە بێوچان کار لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەک بەردەوامە، هەتا دێت کارەکان دژوارتر دەبن، پێوسیتیەکان زیاتر دەبن، کێشەکانی پرۆسەی فێرکاری ئاڵۆز تر دەبن گەر نەڵێم لە ئێستادا بە بۆمبەست گەیشتووە. لە ناو ئەم سەختانگەدا ڕێکخراوی کۆمەک هەر لە هەوڵدایە. ئەمجارەیان دواهەمین ڕۆژەکانی زستانی ساڵی 2011 دا بە هاوسەفەری کاک ئاسۆس شەفیق بڕیاری گەشتێکمان دا بۆ باشووری کوردستان بە مەبەستی سازدانی خول و سێمیناری تایبەت بۆ مامۆستایان و بەسەر کردنەوەی پەیوەندیەکان. ڕۆژی 18.12.2011 لە ڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێرەوە بە هێڵی ئاسمانی نەمساوی گەیشتینەوە وەڵات، لەوێشەوە کاکە کارزان مەلا چاوەڕێی دەکردین و بردینی بۆ شاری ڕانیە.

ماوەی نێزیکەی دوو ساڵێکە دەرکمان بە کێشە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی فێرکاری کوردستان کردبوو، هەر لەبەر ئەوە هەوڵمان دا تۆژینەوەی تایبەت ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی کێشەکان تەواو بینە فاکت. ئەوەبوو سەرەتا لە 2010/03/05 وە بەشداریمان لە کۆنفرانسی یادی ڕاپەڕین کرد، لەوێدا بەوردی کێشەی «پەرتبوونی فێرگە» مان خستە ڕوو، پاشان هەمان تۆژینەوەمان بۆ دەڤەری مەخموور ئەنجام دا. ئەنجامی ئەم تۆژینەوانە پێشانی دەدا کە چۆن توانای وەزارەتی پەروەردە توشی خوێنڕۆیشتن (نەزیف) هاتووە، چۆن هەموو تواناکان پەرت بوون و ئەمەش فێرگەی «زۆر و بۆر»ی لێکەوتۆتەوە. دەرئەنجامەکانی دەڤەری مەخموور ئەوەبوو کە 83 فێرگە کۆ دەکرانەوە لە 21 فێرگەی پوختدا بە میلاکی مامۆستای تەواو، جگە لەوەی کە ساڵانە بڕی 400 ملێۆن دینار دەگەڕایەوە بۆ خەزێنەی وەزارەتی پەروەردە. ئەم کارەش بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، دەسەڵاتی حکوومەتی و حیزبی ناوچەکە و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کرا. چەندین دیدار و بانگهێشت و سەردان ئەنجام درا. مانگ هات و مانگ چوو، وا دووساڵی تێپەڕاند، ئێستاش وەزارەتی پەروەردە لەم باسە بێوەڵامە، بێوەڵامێکی بەستوو!!

هاوکات لە پاش کۆنگرەی پەروەردەیی ساڵی 2007 ەوە بڕیاری گۆڕینی کتێبەکانی مەنهەج درا، وەزارەت لەگەڵ کۆمپانیای بیانی ڕێکەوتن و کتێبان کرِدران، بەڵام بەمەرجی کۆپی ڕایت! و لە چاپدانی لە چاپخانەکانی دەرەوەی وەڵات (وەک لە ناوە وەڵاتدا چاپخانە نەبن!!) ئەوجا ساڵانە بەپێی دەرفەت کتێب تەرجەمە کران و ئەم پرۆسەیە تا ئەمڕۆش بەردەوامە بۆ ئاستەکانی باڵا. ئێمە هەر زوو دەرکمان کرد کە دەبێت زەمینەسازی بۆ پیادەکردنی ئەم کارە بکرێت، لەبەر ئەوە داوای پێکهێنانی لێژنەیەکمان لە وەزارەتی پەروەردە کرد بۆ دیاری کردنی کاتی تەرخان بۆ تەواو کردنی مەنهەج. کارەکە سێ مانگی پێچوو و ئەو کەسانەی خۆیان بەشداری کاری تەرجەمەکەیان کردبوو ڕۆڵی سەرەکیان لەم تۆژینەوەدا هەبوو. ئەنجامی

تۆژینەوەکەش کاتی پێویستی بۆ تەواو کردنی مەنهەج پێشان دەدا، پاش بەراوەردی دووساڵی ڕابوردووی خوێندن، بۆمان دەرکەوت کە تەنها 100 ڕۆژ دەوام کرابوو، ئەمەش بەنێزیکی دەکاتەوە نیوەی کاتی دیاریکراو بۆ فیرگەی دوو دەوامی نەک سێ دەوامی!.

پاش تەواو بوونی تۆژینەوەکە، پرۆژەیەکمان دایە وەزیری پەروەردە بەناوی «پرۆژەی فێرگەی خاوەن ساڵنامەی تایبەت» بۆ ئەوەی بتوانین ئەو مەنهەجە نوێیەی تێدا پیادە بکەین، داواکاریەکە پەسەند کرا و داوای هاوئاهەنگی ئاڕاستەی پەروەردەکانی هەولێر و پشدەر و بیتوێن و کویێ (ئەوکات کۆیە لەسەر سلێمانی بوو) کرا، تێکرا 24 فێرگە دەستنیشان کران، داواکاریەکە درایە وەزارەت، ئەوانیش پەسەندیان کرد و ڕەوانەی وەزارەتی دارایی کرا، پاش شەش مانگ داوایەکە ڕەت کرایەوە بانگیان کردین بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ «سەودا و مامەڵە»!!، پاشان ڕێکەوتین لە بری 24 فێرگە کرایە 7 فێرگە، هەمدیسان داوایەکە بەرزکرایەوە بۆ وەزیر، وەزارەتی دارایی. پاش چەند مانگێک دیسانەوە ڕەتکرایەوە. ئەوجا بۆ جارێکی دیکە بانگکراینەوە بۆ هەمان باس، دواجار تەنها بۆ یەک فێرگە پەسەند کراو (بەڵام لە ناوەڕاستی وەرزی خوێندن) ئەو برە پارەیەی کە دەبوایە تەرخان بکرایە، یەک لەسەر سێی ئەو پارەیەیان پەسەند کرد. جێی خۆیەتی بڵێم کە فێرگەکە لە شاری کۆیە لە فێرگەی نەورۆز بوو، ئەوان پێش پەسەند کردنیش دەستیان کردبوو بە پرۆژەکەی خۆیان بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەو پارەیە بن (کە نێزیکەی شەست هەزار دینار بوو بۆ هەر مامۆستایەک). پرۆژەکەش بە شێوەیەک بوو کە ڕۆژانە تا سەعات 2 ی پاشنیوەڕۆ دەوام بکەن.

سەرلەبەری ئەم هەموو گێرمە و کێشەیە بە ئەنجامێک گەیشتین کە هەندێک لە کێشە بنەڕەتیەکانی پەروەردەی وەڵات لەم خالانەدا کۆ دەکرێنەوە،

- پەرت بوونی فێرگە، ئەمەش هێز و توانای وەزارەتی پەروەردە بڵاو کردۆتەوە

- نەبوونی «ساڵنامەی خوێندن»ی جێگیر

- کزیی ئاستی مامۆستا

- میکانیزمی دابەشینی مامۆستا — کۆکردنەوەی مامۆستایان لە ناوەندی شارەکان و بێ مامۆستایی لە گوندەکان (ئەمەش بەهۆی یاسایاکی بەعسەوەیە کە دەڵێت دەبێت هەموو مامۆستایەک پێنج ساڵ لە گوند بێت و پاشان بۆ ناو شارەکان)

- جگە لە کەمیی باڵەخانەی فێرگە و نێوەندگیری بەڕێوەبردن و بڕیاردان

بەپێی ئەزموونی ئەم چەند ساڵە، دەردەکەوێت کە لە 93% بودجەی وەزارەتی پەروەردە بۆ موچەیە (بەپێی ڕاپۆرتێکی خۆیان لە ساڵی 2011) و وەزارەت توانای پەیداکردنی هیچ جۆرە بودجەی زیاتری نیە، ئەوەشی کە دەمێنێتەوە، تێرای خەرجی ڕۆژانەی وەزارەت ناکات، جگە لەوەی ئەم بڕیارانە بە دەسەڵاتی سیاسی دەکرێت و لە دەسەڵاتی وەزیردا نیە.

بەپێی ئەو بارەی کە لە وەڵاتدا دەگوزەرێت، دەسەڵات تەنها خەریکی «دڵڕاگرتنی خەڵکە نەک بەڕێوەبردن!!»، زیادکردنی موچە بەبێ داواکاری، دابەشینی زەوی و چەندین سلفەی جۆراوجۆر و هەڵکشانی کورسی ..هتد، گەرمەی ئەم بازاڕەی ئەمڕۆی فەرمانگەکان و تێپەڕبوونی ڕۆژە، واسیتە و پارتیبازی هەموو فەرمانگەکانی وەڵاتی تەنیوە. بڕیاردانیش لەم بوارەدا تەنها ویستی سیاسی دەوێت، ئەوەش تا ئەمڕۆ دوورە و ئاسۆی چاکسازی بنەڕەتیش جارێ پەنهانە.

باری فێرکاری بەم جۆرەیە، پرۆسەی بڕیاردان و ئاڕاستەی داهاتووی سیاسەتی فێرکاری پەراوێزە، «خولاندنەوە لە بازنەیەکی پڕ گێژاودا» و بە گوتەی مامۆستا مەسعوود موحەمەد « هەڵکشان بەرە دامێن!!» دیمەنێکی دروستی کۆمەڵگەیە. دەوجا «کۆمەک» ـیش بەم هەموو گوڕ و تینەوە، بەو بڵندنۆڕی و وێنا بەرزەوە، نابێت دەستەوەستان بوەستێت. هەنگاوی داهاتوومان چییەو ڕووی لە کوێیە؟

پاش ئەنجامی تۆژینەوەکان، چەندین دیدار و پرس و ڕا لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و دۆستەکانمان کرا. داواکاری ئێمەش ئەوەبوو کە چەند فێرگەیەکمان بدەنێ ڕاستەوخۆ ئێمە بەڕێوەیان بەرین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو نمونە خۆوەڵاتیەی کە ئێمە دەمانەوێت بیخەینە کار. وەڵامی دەسەڵات دابین نەکردن بوو، چونکە پێیان وابوو سەختە و بڕیاری لەو جۆرە نادرێت، ئەوجا مایەوە تەنها یەک دەروازە، ئەویش کردنەوەی فێرگەی ئەهلی، چونکە ئەم جۆرە فێرگەیە ڕێسا و یاسای خۆی هەیە و تا ڕادەیەک ئازادیت لە کارکردندا، جگە لەوەی وابەستەی حکوومەت نیت لە ڕووی داراییەوە. کۆمەک، ڕێکخراوێکی دڵخوازە و دارایی سنووردارە، تەنها ئەو پارەیەیە کە لە ئەندامانەوە وەردەگیرێت، جگە لەوەی ئێمە لە دەستەی ڕێبەری کۆمەک، ساڵانێکە هەمووان توشی گرفتی ئابووری هاتووین بەهۆی ئەو سەفەرە بەردەوامانەی کوردستان و نەبوونی کارێکی جێگیر، ئەوجا چارە چییە؟

من دەستپێشخەریەکم کرد و پاش ڕاوێژ بە هاوکارانی کۆمەک، «تۆڕی فێرکاریی برادۆست» مان لە دەرەوەی ڕێکخراوی کۆمەک دامەزراند کە بتوانێت جڵەوی پرۆژەکە بگرێتە دەست، ئەمیش لایەنی دارایی

دەوێت، بە ناچاری کاکە کارزان (هاوکاری کۆمەک لە کوردستان) زەویەکی هەبوو لە شاری هەولێر ئەوەی فرۆشت و بوە هەوێنی دەستپێکی پرۆژەکە. لە بەهاری 2011 ەوە دەست کرا بە ئامادەکاری بۆ پرۆژەکە.

نەرم نەرم کاخەبازیەکەی دەست پێکرا کە کارێکی گورچکبڕ بوو، بۆ هەموو کێشەیەک دەبوایە بچینەوە لای وەزیری پەروەردە، چونکە ئەو دۆستانەی لەم بوارەدا کار دەکەن، تەواو بێئاگا بوون لە کارەکانی کۆمەک. ئەوجا پەیام بۆ وەرگرتنی مامۆستایان بڵاو کرایەوە و مامۆستایەکی زۆر داوای کاریان کرد، هەموو داواکاریەک لە ڕێگەی Cv ـەوە بوو، هاوکات بە هەوڵێکی زۆر لە شاری ڕانیە بینامان بە کرێ گرت و پاشان لە شاری کۆیەش فێرگەیەکی دەوڵەتیمان درایە لە گوندی ئەسکی کۆیە، بەڵام پاش دەسپێکی دەوام، هەر یەکەم هەفتە گواستمانەوە ناو شار بەهۆی دووری شوێنەکەوە.

تەواوی وەزری هاوین خەریکی نۆژەن کردنەوە و ئامادەکاری و خولی تایبەت بووین بۆ مامۆستایان و ئامادەکاری بۆ وەرگرتنی منداڵان و ئامادەکاری بۆ دەسپێکی دەوام. کارەکان هەموو بەڕێکی و بەهەوڵی هەمووان چوونە پێش و ئەوەی کە یەکەم هەنگاو کردمان، دانانی ساڵنامەیەکی خوێندن بوو کە ڕۆژانە بۆ فێرخوازان تا سەعات 2:30، بۆ مامۆستایان تا 4:00 ی پاشنیوەڕۆ و ساڵانە 190 ڕۆژ دەوام دەکرێت و تا ئەمڕۆش بە دروستی دەڕوات. هاوکات جەخت لەسەر دوو تەوەری سەرەکی کار بوو، وەرزی یەکەمی خوێندن کارێکی زۆر لە سەر دروست کردنی کەسایەتی منداڵ کران بە چەندین شێوازی جیاواز، بێگومان کارێکی زۆر زۆر سەخت بوو. بۆ وەرزی دووهەمیش کاری سەرەکی بووە و پێشخستنی وانەکان، هەتا ئەمڕۆ 03/05 کە یادی ڕاپەڕینە، لە ئاستێکی باشدایە. هەر بەدەم ئەم نووسینەوە ئێستا تەلەفۆنم کرد بۆ فێرگەی برادۆست تا بزانم ئاهەنگی یاد کردنەوەی ڕاپەڕین لە فێرگەکەمان چۆن دەڕوات، وەڵامەکە زۆر دڵخۆشکەر بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ پلەی گەرما زۆر نزمە و دوێنێ بۆ یەکەم جار بەفرێکی باش باریبوو لە ناو ڕانیە، هەر لەبەرئەم هۆیەش شۆفێرەکانمان نەیانتوانی بوو فێرخوازەکان بهێنن بۆ فێرگە. کەچی ئەمڕۆ هەموو دایکوباوکان و منداڵان لە فێرگە خەریکی ئاهەنگی یادکردنەوەی ڕاپەڕینن، لە کاتێکدا هەموو وەڵات پشووە و بڕیاریش دراوە هەر لایەنەی سیاسی لە بارەگای خۆیدا ئەو یادە بگێڕێت. هەر ئەمڕۆ مۆڵەت وەرگیراوە لە دەسەڵاتی ناوچەکە کە فێرخوازانەکانی برادۆست بەناو شاردا بە ئاڵای کوردستانەوە مارشێک ئەنجام بدەن، بەڵام لە کاتی مۆڵەتەکەدا نەیانخواستبوو دایکوباوکان بەشداری بکەن. ئەوەیە باری ئەمڕۆی کوردستان!

هەر لەگەڵ ئەم باسەدا خراپیش نیە ئاماژە بە دیاردەیەکی سەمەرە بدەم، لە هەموو دونیادا کە ڕۆژێکی گرنگی میللی ڕوودەدات، هەموو حکوومەت و میللەت ئەو ڕۆژە پێکەوە یادی دەکەنەوە و لە فێرگەکاندا باسی دەکەن، بەڵام لە کوردستان ڕۆژەکانی پاش و پێشتریشی دەکەنە پشوو و بۆ ئەوەی کەس نەیەتە

دەرەوە و تەواو پشوو بدەن، چونکە کاتی دەوام زۆرە و میللەت پێویستی بە سانەوە (حەسانەوە) هەیە! هەر بۆ نموونە هەموو مانگی سێ پڕە لە یادەوەری میللی، بەڵام ئەمساڵ وەک ساڵەکانی دیکە لە 2ی مانگی ئادارەوە کرایە پشوو و خۆشی ئۆتۆماتیک تا کۆتایی ئەم مانگە پشوو ڕادەکێشێت بە تایبەت لە فێرگەکاندا. ئیدی هەر ئەوەندەی تێگەیشتووین!

لە بڕگەی یەکەمی گەشتەکەماندا، ڕۆژی 12/25 خولێکی هەفتەییمان بۆ مامۆستایانی هەردوو فێرگەی برادۆستی ڕانیە و کۆیە کردەوە لە شاری ڕانیە. پاشان بەپێی دەرفەت چەند سێمینارێکمان ڕێکخست، لە شاری کۆیە، بۆ بەڕێوەبەرەکان و زانکۆی کۆیە لە بەشی کۆلێژی بنەڕەتی و پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە. پاشانیش هەمان خولمان لە ڕانیە بۆ پەیمانگەی کۆمپیوتەر، بەڕێوەبەرەکان و سێمینارێکیش لە زانکۆی قەڵادزێ. بەشێک لە ناوەڕۆکەی خولەکان تایبەت بوون بە بواری «سازمانگەری، چەپاندن و ڕۆڵی خێزان لە پرۆسەی فێرکاریدا»، کە هەرسێ بابەت کتێبی تایبەتی هەیە و لەلایەن کۆمەک ـەوە لە چاپ دراون.

لە زانکۆی کۆیە بیستمان کە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەم ساڵ بڕیارێکی دەرکردوە دەربارەی بەرز کردنەوەی نازانم چی! دەبێت هەر مامۆستایەک تا کۆتایی ساڵ بیست و پێنج خاڵ کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی پلەی بەرز بکرێتەوە یان شتێک لەو بابەتە، بەشداری کردن لە سێمیناردا یەکێکە لەو چالاکیانەی کە دەبێتە خاڵ، لەبەر ئەوە سەرەتای سێمینار، مامۆستا بە لێشاو دەهاتن، ناوی خۆیان دەنووسی و پاش چەند دەقیقەیەک دەچونە دەرەوە. بەڕاستی خاڵ کۆکردنەوە هەر ئاوها دەبێت! ڕۆژی دووهەمی سێمینارەکە لە کۆیە، مامۆستا سەعید ڕاگری کۆلێژەکەیە، تومەس لە سەرەتای سێمینارەکەوە تەواو هەستی لە جموجوڵ ڕاگرتبوو، لە کۆتاییدا دەرفەتی قسەی خواستەوە و زۆر زۆر گلەیی لە مامۆستایان کردو لیستی ناوی مامۆستایەکانی لە بەرچاوی هەموو ئامادەبووان دڕاند. هەمان دیاردە لە سێمینارەکەی پەیمانگەی تەکنیکیش ڕووی داو بە دڕاندنی لیستی ناوی مامۆستایان کۆتایی پێهات. هیوادارم پەیامێک گەیشتبێتە مامۆستا دڵسۆزەکان.

ئەم سێمینارانە و چونە ناو زانکۆ بیرێکی دیکەی ئافراند، بەڕاستی من هەرگیز نەمدەزانی کە ئاستی زانکۆکانمان ئەوەندە سڕە و کاروباریان بەو شێوەیە دەڕوات، ئاستی وانەکانیان و شێوازی کاریان هەروەک ئامادەییە، لەوانەیە خراپتریش بێت، ئەوجا کاتی دەوامیان زۆر لە فێرگەی ئاسایی کەمترە (بەپێی ڕاپۆرتێک لە مێدیادا پێشان درا لە پایزی ڕابوردوودا، ساڵی پار زانکۆ 86 ڕۆژ دەوام هەبووە).

تۆڕبەندی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا خەونێکی دیکە بوو کە لە مێژە لە هەوڵی دابووین، چونکە جگە لەوە سوود لە زانیار و زانستیان وەردەگرین، کاریگەری لەسەر فەرهەنگیشمان دەبێت. ئەم باسەش لە برادۆست

دا زەمینەی ساز بوو، هەر بۆیە زوو کەوتینە هەوڵی پەیدا کردنی مامۆستایەکی ئینگلیزیزمان کە بتوانێت وەرزێک یان تەواوی ساڵ لەگەڵماندا بمێنێتەوە. ئەوەش ساز بوو، مامۆستایەکی لاوی تەمەن 26 ساڵمان لە ناو چەند بژارەیەکدا پەسەند کرد. لە 18.01.2012 دا گەیشتەوە کوردستان و ئێستا پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەهاوکاری مامۆستایەکی خۆماڵی بەم دۆستەمان سپێردراوە و پاش دەوامیش خولێکی تایبەتی زمانی بۆ مامۆستاکان کردۆتەوە کە ڕۆژانە دوو سەعات و بۆ ماوەی چوار مانگ بەردەوام دەبێت. ئەمەش یەکەمین جارە مامۆستای بیانی بۆ ماوەیەک بێتەوە بۆم ئەم دەڤەرە کار بکات. بەهیوای فرەوانکردنی ئەم تۆڕانە بەمەبەستی خزمەتی زیاتر بە وەڵات.

هەر لە درێژەی ئەم گەشتەدا کێشەیەکی دیکەش هەبوو کە لە مانگی ئۆکتۆبەرەوە کاری تێدا دەکەین، ئەویش گرفتی فێرکارییە لە دەڤەری بیتوێن، لە سەردانی فێرگەیەکدا لە مانگی ئۆکتۆبەری پاردا لەگەڵ خاتوو نیکو (مێوانێکی سوێدی دانیشتووی بەریتانیایە، بە سەردانێک بۆ دیتنی ڕەوشی منداڵان و پرۆسەی فێرکاری سەردانی ڕانیەی کرد)، ئەوجا زانیم کە لە ماوەی ئەم دووساڵەی ڕابوردوودا  ژمارەی فێرخوازان بەتەواوی زیادی کردوە و لە ڕادەیەکدایە کە لە سەروو 73،000 فێرخوازەوە لە فێرگەی چەند دەوامیدان، لەسەروو 50.000 ەوە لە فێرگەی سێ دەوامیدان، کاتێک ئەم هەواڵەم زانی، بەدوای ئاماری دروستدا گەڕام و هەر لە هەمان هەفتەدا هەموو دۆکیومێنتەکانم خستە بەردەمی وەزری پەروەردە بەمەبەستی چارەسەر، پاشان پەیوەندیم لەگەڵ کەناڵی مێدیای ئۆپۆزیسێۆن کرد بۆ هەمان مەبەست، هەر پاش ماوەیەک باسەکە خامۆش بوو، ئەوجا کەوتینە پەیوەندی گرتن لەگەڵ دەسەڵاتی حیزبی ناوچەکە بەمەبەستی بەئاگاهێنانەوەیان لە مەترسی کێشەکە لەسەر ئایندەی ناوچەکە، دانیشتن سازدرا، لێژنە پێکهات و باس گەیشتە لای سەرۆکی حکوومەت، کۆبوونەوەی هەمەلایەنە سازدرا کار بەوە گەیشت کە بڕیار درا 200 زۆپا بکڕن بۆ فێرگەکان، پەیمانی دروستکردنی پێنج فێرگەشیان بە لێژنەکە دا. لەم دواییەدا زانیم کە گوتبویان تازە زستان ڕۆیشت و زۆپا پێویست ناکات، ئەوجا فێرگەکانیش دوویان لێ کەمبۆتەوە و ئیدی هەموو تەمای خۆمان دەدەینە دەست قودرەتی قادر و بەهیوای کەمنەکردنەوەی ئەم سێ دانەیەش!!.

لە ئێستادا ڕانیە پێویستی بە دروست کردنی زیاتر لە 30 فێرگە هەیە بۆ ئەمساڵ، بەڵام تا ئیستاش هیچ هەوڵێکی جیددی لەم بارەیەوە نیە، ئەمە نەک پرۆسەی فێرکاری تەواو شەکەت کردوە، بەڵکو لە ئاستێکی وەهادایە کە بە هیمەتێکی لە سنووربدەر نەبێت وەک خۆی لێ نایەتەوە، ئەوەی کە بە ئێمە کراوە لە باسکردنی کێشەکە و گەیاندنی بە لایەنی پەیوەندیدار، هەم دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، هەم کۆمەڵگەی مەدەنی و مێدیا. ئەمڕۆ بە بۆنەی یادی ڕاپەڕینەوە سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆ بۆ ئەم دەڤەرەش دانرا، لە

سەفەری داهاتوم کە 12 مارسە کە دەکاتەوە هەفتەی داهاتوو وەک ئەمڕۆ، ئەوانیش ئاگادار دەکەینەوە لەم باسە بە ئومێدی ئەوەی کە بتوانین بە هەموان ئەم دەڤەرە لەم سەختانگە ڕەها بکەین.

یەکێک لە تەوەرەکانی دیکەی ئەم گەشتە، بەسەر کردنەوەی دۆزی فێرکاری بوو لەمێدیای کوردستاندا. لە سێ بەرنامەی جیاوازدا لە هەرسێ تەلەفزیۆنی Ktv، KNN، GK بەرنامەی تایبەتمان سازدا کە زۆر بە کراوەیی باس لە کێشەکان و چارەسەرەکان کرا. بە هیوای ئەوەی گرفتی فێرکاری ببێتە کێشەیەکی میللی.

«بەرنامەی هەنگاو بەهەنگاو» یەکێکە لە بەرنامەکانی ڕێکخراوی کۆمەک کە لە شاری کۆیە بۆ ماوەی دوو ساڵە کارایە لە فێرگەی کۆسرەت لە گەڕەکی ئازادی کە ناوچەیەکی هەژانیشینە، بەکار دەهێنرێت. پاش هەڵسەنگاندی پرۆژەکە لەلایەن پەروەردەی کۆیەوە، بە باشیان زانی کە هەمان پرۆژە لە گەڕەکی «هۆمەر قوچانی» یش بەکار بهێنرێت، پاش گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی فێرگە و تەرخانکردنی مامۆستای تایبەت لەلایەن پەروەردەوە، وەک دەسپێکێکی ئەزموونی ئەم پرۆژەیەش دەستی پێکرد بەمەبەست زەمینەسازی بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن.

ئەم کارانەش بە ناچاری ماوەی دوو مانگی خایاند و لە 16 ی فێبروار دا پاش سەفەرێکی پڕ کار و چالاکی، گەڕامەوە ئۆسلۆ. کارەکان هەر بەردەوامن و ئامانجیش لە هەڵکشاندایە، بە ئومێدی دیدار لە نامەیەی داهاتوودا.

کاروان عارف

05-03-2012

ئۆسلۆ - نۆرویژ